www.kurdistannet.org
21-2-2003 1:00

مەڕەسی سوپای تورک و چارەنووسی کورد!

بانگەوازێک بۆ ڕاپەڕین

مستەفا گەرمیانی

ئەمڕۆ نەتەوەی کورد بە ڕۆژگارێکی چارەنووسسازدا تێپەڕ دەبێت، بە تایبەتی لە باشووری کوردستاندا. گەلی کورد لە دوای شەڕی جیهانی یەکەم و پەیمانی لۆزانەوە بە قۆناغێکی ئاوا چارەنووسساز نەگەیشتووە. هەشتا ساڵ دوای پەیمانی لۆزان، دیسانەوە منداڵانی سەدەی بیست و یەکەمی کوردستان لە پلانەکانی دەوڵەتی تورکەوە بۆنی پەیمانی لۆزان دەکەنەوە. سوپای تورکیا لە فرسەت دەگەڕێت بۆ پەلاماردانی باشووری کوردستان. سوپای ئەتاتوورک بە قەتڵوعامی کوردی باکووری کوردستان تێرخوێن نەبووە و چاوی تەماحی بڕیوەتە شارەکانی باشووری کوردستان، بە تایبەتی کەرکووک و موسڵ. ئاشکرایە سەرکەوتن و شکستی کورد لە باشووری کوردستاندا کاریگەری هەیە لەسەر چارەنووسی چل ملیۆن کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان. دەبا ئەمجارەیان کورد پێش ڕووداوەکان و پێش مێژوو بکەوێت، بۆ ئەوەی پێش لە لۆزانێکی تر بگرێت. ئەمەش تەنیا و تەنیا بە ***ڕاپەڕین*** دەکرێت. زەمانی پەیمانی لۆزان 1923، ژمارەی کورد لە ئەوروپا ڕەنگە لە 10 هەزاریش کەمتر بووبێ، بەڵام ئەمڕۆ تەنیا لە ئەڵمانیا نزیکەی ملیۆنێ کورد هەیە، جگە لەوەی ئەمڕۆ، سەردەمی جیهانگیرییە و بواری دەنگ بەیەکترگەیشتن و لێکتێگەیشتن زۆر ئاسانترە. لەم بەهارە چارەنووسسازەدا پێویستە کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان و لە هەموو جیهاندا لەسەر پێ بن و دەست بە ڕاپەڕینی چارەنووسسازی خۆیان بکەن، لە ژێر دروشمی:

- **نا بۆ چوونە ژوورەوەی سوپای تورکیا بۆ باشووری کوردستان.**
- **بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کورد و کوردستان.**

کوردستان لانکی شارستانی و مرۆڤایەتییە و دڵنیابن ئازادیخوازانی جیهان پشتیوانی لە چارەنووسی گەلی کورد دەکات.

بژی ڕاپەڕینی جەماوەری

بژی ئازادی

بژی کوردستان

تێبینی کوردستان نێت:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیر و بۆچونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونە (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە. لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت..... 15-1-2003